کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 16:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەنفال بۆچی کاڵبۆتەوە؟! ... ئاسۆعەبدوللەتیف

Asolm2002@yahoo. com

ئەمەوێ تێکهەڵکێشێ بکەم لە یادی ئەنفال و یادی ڕۆژنامەگەری کوردی و بزانین ئایا ڕۆژنامەمان هەیە؟ ئەگەر هەیە بۆچی ئەنفال بێنازە؟ بۆچی ئەنفال کاڵبۆتەوە، بۆچی ناتوانین ڕێز لە ڕەمزەکانی خۆمان وەرگرین و بیکەینە سەرمایەی نەتەوەیی نەك حیزبی؟ ڕۆژنامەگەری ئێمە کاتێ پاش ڕاپەرین کەوتە گاوڵکێ بەدەست حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە بوو بێگومان پارەو داهاتی بێ سنور چاپخانەی کڕی و کۆمەڵێ کادری حیزبی کۆکردەوەو لەباتی ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەست بگرێ بە چەمکی ئەنفالەوەوفایلبۆکس و ناوەندی دیکۆمێنتاریانەی بۆ بکاتەوە، کەچی ئەم ڕۆژنامەیە کە بەدەستی حیزبەوە بوو فایلبۆکس و ناوەندی دیکۆمێنتاریانەی بۆشەری براکوژی و شەهیدە نوێکان کردەوەو ئەنفالی لە قاڵبی دروشمسازی و وەعزێکی



فریودەرانەدا هێشتەوەو تەنانەت زۆرجار درۆش بەدەمی ئەو شەهیدە نوێ و کەم تەمەنانەوە ئەکراو پاش شەهیدبوونیان ئەیانکردنە سەرکردەی ڕۆژە سەختەکانی ئەنفال و کوڕی ڕۆژی تەنگانەوچوارەم و پێنجەمین شەهیدی بنەماڵەو ئیدی لەباتی قوربانیانی ئەنفال ئەمانە بوونە ڕەمزی نوێی شار، وەك ئەبینین تا ئێستاش نەلە سلێمانی و نە لە هەولێر کە دوو گەورە شاری یەکێتی و پارتین تاقە ڕەمزێ یان مینۆمێنتێکی شەهید یان ئەنفال یان هەڵەبجە نییە کە بیانیەك هاتە کوردستان هەڵوەستەی لەسەر بکات، بەڵام دەیان خانوی سەرۆك و میوانخانەی سەرۆك و ڤێللاو گردو مەزرەعەی مەسئول هەیە، مینۆمێنتی یەکی شوبات هەیە کە قوربانی دەستی تیرۆرن و زیاتر شەهیدی حیزبین، کەواتە لای ئێمە هێشتا حیزب گەورەترە لە نەتەوەو شەهیدی حیزبیش بەنرخترە لە شەهیدی گەل و نیشتیمان، ئەی ئەنفال بۆ لە گوتاری ستراتیجی و سیمای شاری سیاسی و حکومیماندا نیەو تەنها لە یادەوەریەکاندا بیرمان ئەکەوێتەوە، خۆ ئەنفال هەر بریتی نییە لەو ریپۆرتاژە گریانئامێزو وەعزانەی کە هەموو ساڵێك و وەك خەرەك لە کوردسات و کوردستان تیڤی و ڕۆژنامە حیزبیەکاندا دووبارە ئەبنەوەو تەنها ژمارەی ساڵیادەکەی ئەگۆڕن؟ ئێستا دەیان پارکی گەورەو شەقامی سەیر سەیر هەیە بەناوی شەهیدی حیزبەکانەوە ئەنفال نەبێ!؟

تا ساڵی 2000 گوتاری میدیا و ڕۆژنامەوانی ئێمە بۆنی ئایدۆلۆژیایەکی بێتام و ستالینی لێئەهات و زیاتر ڕۆژنامەی دەستەمۆی حیزبی و وەعزدانێکی چەقبەستووبوو، تا ئەوکاتەی ڕۆژنامەی ئازاد هاتە بوون، بەداخەوە زۆرێك لە فاکت و ڕاستیەکان ئاوەژوو بوونەتەوە بەهۆی لەرزۆکی گوتاری ڕۆژنامەگەریمانەوە، بەهۆی خۆهیلاکنەکردنمانەوە، بەهۆی ڕەزیلی و ڕەزالەتی حیزبی کوردیەوە بەهۆی فایلدارەکانی ناو حیزبەکان و بەهۆی نەبوونی تێگەشتنی قوڵی سەرۆکی هەردوو پارتەکەوە بۆ ئەنفال کە ئەوەی بیری لێنەکەنەوە یادەوەری ئەنفالە، ڕۆژنامەگەری ومیدیای کوردی هێشتا لەدایك نەبووە تا گوتار دابرێژێ بۆ ئەنفال و بیکاتە ئەجندای لێکۆڵینەوە، کوشتن و زیندەبەچاڵ و فەلاقەو سوکایەتی و کاولکاری گوندو فەسادەت هێز نییە ئاماروداتای بکات، میدیاوشەقامی عەرەبی چونکە خاوەن گوتاری نەتەوەیی خۆیانن ئەڵێی ئاگرن و بەربوونەتە پوش و پەڵاش، کوژرانی محمد دوڕەی فەلەستینی بەفیشەکی ئیسرائیلی چەند ساڵێ لەمەوبەر چۆن کردیانە هەڵڵای ئیعلامی و کەڵکیان لێوەرگرت و دنیایان لێ تەنی، کەچی ئێمە لەسەر ژمارەی قوربانیانی ئەنفال هێشتا یەکلایی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەبوینەتەوە؟ ئەنفالی ماڵە یەکێتی و ماڵە پارتی و شوعی و یەکگرتوو!! جیاکراونەتەوەو هەرکەس بۆخۆیەتی، لەلایەك پارە بەهەندێ خێزان ئەدرێ و لەلایەکیش پەراوێز ئەخرێن، لەلایەك هەزاران خانویان بۆ ئەکرێ و لەلایەکیش لەتاو ناعەدالەتی مینۆمێنتی شەهید ئەسوتێنرێ و خانۆچکەکانیشیان رەشەبا ئەیبا، کەی ناساندنی کارەسات و کۆمەڵکوژی بەو مەهزەلەیە ئەبێت توو ویژدانتان؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.